سەرۆك وەزیران جەختدەكاتەوە لە پێوەندییە دووقۆڵییەكان لەگەڵ سەرجەم وەڵاتانی هاوپەیمانی نوێوەتی



ئەڵ شەمە محەمەد شیاع سودانی سەرۆكی ئینجومەنی وەزیران خواستی عێراقی دووپاتكردەوە بە هەنگاونان بە پێوەندییە هەمەلایەنەكان لەگەڵ وەڵاتانی ئیندامی هاوپەیمانی نوێوەتی.

لە ڕاگەیەندراوەكی نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك وەزیراندا هاتووە : بەچاودێری و سەرپەرشتی سەرۆك وەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەكدارەكان محەمەد شیاع سودانی، ئەڵ شەمە لەبەغدا كارەكانی لێژنەی باڵای سەربازی هاوبەشی نێوان عێراق و هاوپەیمانی نوێوەتی بە سەرۆكایەتی ئەمریكا دەستیپێكرد، بە پێداچوونەوە بە ئەركی هاوپەیمانی نوێوەتی بە بەرەنگاربوونەوەی داعش، دوای سەركەوتنی عێراق بەسەر بەهێزترین گروپە تیرۆریستییەكانی جیهان.

لە ڕاگەیەندراوەكەدا ئاماژە بۆ كراوە كە پسپۆرانی سەربازی بەرپرسیار دەبن لە تێواوكردنی ئەركی سەربازی هاوپەیمانی نوێوەتی دژی داعش، دوای دە ساڵ لە دەستپێكردنی ئەم ئەركە، و سەركەوتنی گەورە لە بەدیهێنانیدا، بە هاوبەشی لەگەڵ هێزە ئەمنی و سەربازییەكانی عێراق، و دوای ئەم كۆبوونەوەیە كارەكانی لێژنەی باڵای سەربازی (HMC) لە ئاستی سێ گروپدا دەست پێدەكات وگروپەكانی كار بریتین لە: (ئاستی هەڕەشەكانی داعش)، (پێداویستی ئۆپەراسیۆنەكان و بارودۆخییەكان)، و (بەهێزكردنی تواناكانی گەشەسەندنی هێزە ئەمنییەكانی عێراق).

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە : لەبەر ڕۆشنایی ئەم پەداچوونەوەیە، خشتەیەکی کاتیی دیاریکراو دادەڕێژرێت بۆ کۆتاییهێنان بە ئەرکی سەربازی هاوپەیمانییەکە، و گواستنەوە بۆ پەیوەندییە ئەمنییەکانی دوو قۆناغی نێوان عێراق و ئەمریکا و وڵاتانی هاوبەشی هاوپەیمانییەکە، و بەپێیوەندی دووڵایەنەی گشتگیر لەگەڵ ئەم وڵاتانە، لە هەمان کاتدا پابەندبوون بە ڕێککەوتنی چوارچێوەی ستراتیژی کە لە نێوان عێراقدا و ئەمریکا ساڵی 2008اژۆ کراوە و هەروەها پابەندبوون بە سەلامەتی هاوڕێکارانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە قۆناغی دانوستان لە سەرتاسەری وڵاتدا و بە پاراستنی سەقامگیری و ڕێگریکردن لە پەرەسەندن.

سەرۆك وەزیران پەزانینی خۆی بۆ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژبەی بۆ ئێو هاوکارییانەی کە پێشکەشی عێراقی کرد لە شێوەی دژی چەتە تیرۆریستییەکانی داعش، هەروەها خواستی عێراق بۆ هەنگاونان بۆ پەیوەندییە دووقۆڵییەکان لەگەڵ هەموو وڵاتانی هاوپەیمانی.

لە درێژەی بەیاننامەکەدا هاتووە : سەرۆك وەزیران پێشوازی لەم ڕێککەوتنە کرد، کە لە ئەنجامی ساڵك گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی کێبوونەوەی هاوبەشە ئەنجامدراوە، هاوکات بەشکۆ لە جێبەجێکردنی بەرنامە حکومییەکەی حکومەت و ئێو بەیاننامەی کە لەبەردەم خەڵکدا داوە و ویستی عێراق بۆ هەنگاونان بۆ پەیوەندییە هەمەلایەنەکان لەسەر بنەمای هاوکاری و دەستایەتی نێودەوڵەتی، لەگەڵ وڵاتانی ئەندامی هاوپەیمانی، بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

سەرۆك وەزیران پێش دەستپێکردنی دیالۆگە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی سەرپەرشتی کێبوونەوەیەکی کرد کە سەرکردە سەربازی و ئەمنییەکانی نوێنەرایەتی جەرە جیاوازەکانی هەزە چەکدارەکانی عێراقی تێدابوو، کە ڕێنمایییەکانی بەڕێزیان لەخۆگرتبوو سەبارەت بە ڕێوتی دیالۆگەکە و چی پێویستە بۆ داهاتوو قۆناغ. پاراستنی سەروەری و پاراستنی ئێو ئاسایش و سەقامگیرییەی بەدەست هاتووە و پێویستی دابینکردنی کۆشهەوا بۆ بەردەوامبوون لە پلانەکانی ئاوەدانکردنەوە و گەشپێدان و بیناسازی.